بەخت !

ساڵح بێچار – سلێمانی
becharsalih@yahoo.com

باسی بەختی چیم بۆ دەکەی..؟ ئەو خەمەم بیرمەهێنەوە
سەیری بەریدەستم مەکە, بورجەکەشم مەخوێنەوە
***
چیتر قاوەم بۆ مەگرەوەو پەڕ پەڕ گوڵێک مەوەرێنە
ئەستێرەی بەخت نابینی واز لە سەیری ئاسمان بێنە
***
ڕۆژی خۆشم دیاریی مەکە تۆ دڵی چیم دەدەیتەوە
وا تێنەگەی کە دەتوانیت دەرگای بەختم بکەیتەوە
***
هێشتا عیشق تلیاک ئاسا بەنهێنی ناوی دەبرێ
بەخت چیبکا کە عاشقبوون وەکو تاوان سەیربکرێ
***
ڕۆژگارێکی هێند دڵڕەقە سۆزی عیشق ناگاتە گوێ
بەخت چیبکا.. گوڵی عیشق لەم خاکەدا کە ناپشکوێ؟
***
بەخت چیبکا لە خۆشبەختیو بەختەوەریی، هەزار ئەفسووس !
کە ژیان دۆڕاندن بێ بە درۆیەکی وەک چارەنووس